**گورگ منداڵەکەی تۆی بردووه...**

**ئەوی دیش دەیگوت : نا ، هی تۆی بردووه.**

**چونه لای داوود ،. ئەویش منداڵەکانی دا به گەورترینیان ، دواتر چونه لای سلێمانی کوڕی ، که ئەوکات تەمەنی یازده ساڵان بوو ، ئەویش گوتی :**

**چەقۆیەکم بۆ بێنن با بەشی بکەم له نێوانتاندا....**

**بچوکەکەیان گوتی :**

**نا .... توخوا ... کوڕی ئەوه ، بیده به ئەو ...**

**ئەو کات سولێمان زانی که منداڵی ئەوەو سۆزی بۆی هەیه ، بۆیه به بچوکەکەی بەخشی.**

**داوود ، پاشای دینداری دەوڵەمەندی دادوەر...**

**زەبوری به حەفتا شێواز دەخوێندەوه ، شەوانه نوێژی دەکرد و دەگریا.. به دەنگه خۆشەکەی مرۆڤی خەمبار و نەخۆش چاك دەبووەوەو.**

**دەگێرنەوه که ڕۆژێکیان داوود چۆته دەرەوه له چۆلەوانیدا زەبوری به ئاواز چڕیوه ، هەرچی بەرد و باڵنده و درەخت و دڕنده هەیه لەگەڵیدا دوبارەیان کردۆتەوه...**

**هەر له ڕۆیشتن بەردەوام بووه تا گەیشتۆته چیایەك که پێغەمبەر (حەزقیل)ی لەسەر بووه ، کاتێك دەنگی چیا و دڕنده و باڵندەکانی گوێ لێبوو ، زانی که داووده..**

**داوود گوتی : حەزقیل ، ڕێگام پێدەدەیت بێمەلات؟**

**گوتی : نەخێر !**

**داوود گریا ، لەو کاتەدا خوا سروشی بۆ حەزقیل نارد:**

**ئەی حەزقیل ، داوود مەشکێنەوه ، لێی گەڕێ با بێته لات...**

**دوای ئەوەی حەزقیل چو خۆی دەستی داوودی گرت و بردیه لای خۆی...**

**داوود لێی پرسی:**

**ئەی حەزقیل هیچ کاتێك ئەوەت به خەیاڵدا هاتووه تاوانێك بکەی؟**

**گوتی : نەخێر.**

**پاشان گوتی : ئایا هیچ کاتێك بەخۆت سەرسام بوی له پەرستنی خوادا؟**

